# خوای گەورە حەجی هەموانی قبوڵ کردبێت
# بەڵام پــاش حـەج دەبێـت چـۆن بیـن وچیـش بکـەین

﴿ حج مبرور وسعي مشكور لكن ماذا بعد الحج ﴾

[ کردي – کوردی – kurdish ]

حاجی ئومید چروستانی

پێداچونەوەی :پشتیوان سابیر عەزیز

۱٤۳۲ - ۲۰۱۰

islamhouse.com

# ﴿ حج مبرور وسعي مشكور لكن ماذا بعد الحج ﴾

« باللغة الكردية »


حاج أوميد جروستاني

مراجعة: بشتيوان صابر عزيز



١٤٣٢ - ٢٠١٠

islamhouse.com

# خوای گەورە حەجی هەموانی قبوڵ کردبێت
# بەڵام پـــاش حـەج دەبێـت چـۆن بیـن وچیـش بکـەین

سوپاس وستایش بۆ ئەو خوایەی کە حەج وزیارەتی ماڵە پیرۆزەکەی خۆی بۆ ئاسان کردین، و لەپەروەردگاریش ئەپاڕێینەوە کە بیکات بە نصیبی سەرجەم باوەڕداران بەتایبەتی ئەو موسڵمانانەی کە زۆر تامەزۆری ئەنجامدانی حەج ودیداری بینی حەرەمەینی پیرۆزن .وە درود و رەحمەتی فراون بۆ سەر گیانی پێغەمبەری ئیسلام و ئەهل وبەیت و سەرجەم هاوەڵە بەڕێز و شوێنکەوتوانی هەتا هەتایە ...

برای حاجیم حەجەکەت خوای گەورە قبوڵی بکات وحەجێکی پاك ودروست بوویێت و هەوڵ وکۆششت جێگای شوکر بێت بەڵام، پاش حەج کردن پێویستە چی بکەین .

گومانی تێدا نیە دیاری کڕین بۆ خۆشەویستان ودۆستانت یەکێکە لەو ڕەوشت و ئاکارە بەرزانەی کە ئاینی پیرۆزی ئیسلام هانمان ئەدات بۆی چونکە خۆشەویستمان محمد المصطفی (صلی الله علیه وسلم) فەرموویەتی : ( تهادوا تحابوا ) {رواه الترمذي وقال شيخ ناصر الدين الألباني حديپ حسن} واتە : دیاری بۆ یەکتر بەرن یەکتریتان خۆش دەوێت، بەڵام پێویستە لەم مەسئەلەیەشدا ڕەچاوی عورف و عادات بکەین، و بەشێوەیەك بێت زیادەڕۆیی تێدا نەبێت و واپێویستە لەسەر خزمانیش کە گلەیی لە حاجیان نەکەن لەبەر هەرزانی دیاریەکانیان، چونکە ئاشکرایە هەرکەسێك لەو حاجیە خۆشەویستانە بەصەدان کەسیان هەیە لە خزم و دۆست و برادەر وئەحباب، بۆیە هێندە بەسە ئەو حاجیە بەڕێزە ئەگەر فنجانێك ئاوی زەمزەمیشی دەرخوارد درابێت، ئەمەش مانای ئەوەیە ئەو حاجیە تۆی لەبیر بووە، وە لەپێناو ئەوەش کە حەجکردن لەسەر خەڵکی گران و قورس نەکەین، چونکە زۆر کەس لەحاجیان ترسی نارەحەت بوون و سەرفکردنی پارەوسامانی خۆیان نیە لەو سەفەرە پیرۆزەدا، بەڵکو زۆرێك ترسی گلەیی و گازندەی میوان وخزمانی خۆیەتی پاش هاتنەوەی لەحەج .

خۆ هیچ تاوان و گوناهیش نیە كەسێك لەپاڵ حەجكردنەكەیشیدا بتوانێت بازرگانیشی لەگەڵدا بكات ئەگـــەر خوای گەورە بۆی پرەخسێنیت، چونكە خوای گەورە فەرموویەتی : ( لَيْسَ عَلَيْكُمْ جُنَاحٌ أَنْ تَبْتَغُوا فَضْلًا مِنْ رَبِّكُمْ ) { البقرة : ۱۹۸} واتە : گوناهتان ناگات ئەگەر لە ماوەی حەجدا لە پەروەردگارتان رزق و ڕۆزی بخوازن و، بازرگانی بكەن، واتە: كە هاتن بۆحەج هەر بە مەبەستی خواوە بێن، ئەوجا لە پاڵ ئەوەشدا ئەگەر كڕین و فرۆشتنیش بكەن بۆ ژیان و گوزەرانتان هیچ قەیدی نییە ...

لەم بارەیەشەوە ئیمامی قورطوبی (ڕەحمەتی خوای لێ بێت ) ووتویەتی : " ئەمەش بەڵگەیە لەسەر دروستی بازرگانی كردن لەپاڵ ئەنجامدانی حەج كردندا، وە مەبەستی بازرگانی كردنیش لەحەجدا شیرك و هاوەڵ پەیداكردن نیە بۆ خودا و هیچ كاتێكیش ئەو ئیخلاصەش كە لەسەر حاجی پێویستە كەمی ناكاتەوە، هەر بۆ ئەم مەبەستە دارە قوطنی لە سونەنەكەی خۆیدا ڕیوایەتی كردوە كە كەسێك هاتە لای عەبدوڵڵای كوری عومەر (خوایان لی رازی بێت ) و پێی ووت : من كەسێكم لەم وەرزی حەجەدا بازرگانی و كڕین و فرۆشتنی ئەكەم، بەڵام هەندێك كەسە هەیە پێم ئەڵێن : حەجەكەت دروست نیە، عەبدوڵڵای كوری عومەریش لەوەڵامیدا فەرمووی : هەر بۆ ئەم مەبەستە كەسێك هاتە خزمەت پێغەمبەری خودا (صلی الله علیه وسلم ) و هەمان پرسیاری تۆی لێكرد، وئەویش بێ دەنگ بووتا ئەم ئایەتە هاتە خوارەوە : ( لَيْسَ عَلَيْكُمْ جُنَاحٌ أَنْ تَبْتَغُوا فَضْلًا مِنْ رَبِّكُمْ ) ئەمجا پێغەمبەری خودا (صلی الله علیه وسلم ) پێی فەرموو : حەجەكەت دروست وتەواوە .

**بەڵێ حاجی خۆشەویست** : سوودمەند بوون لە دونیا وخۆشیەكانی بەئەندازەیەك كە كارنەكاتە سەر ئیخلاصت بۆ خوای گەورە، دروست و ڕێگا پێدراوە، بەڵام ئایا كە كاتــی ئەوە هات ئەو جێگا و خاكە پیرۆزە بەجێ بهێڵێت چ هەستێكت لادروست بوو؟ ئایا ئەوەت زانیوە كە پێغەمبەری خودا (صلی الله علیه وسلم ) فەرموویەتی : ( لا ينفرن أحد حتى يكون آخر عهده بالبيت ) {رواه مسلم}. فەرمانی كردوە بە حاجیان كە شاری مەككە بەجێ نەهێڵن هەتاوەكو كۆتاجار طەوافی ماڵە پیرۆزەكەی ئەكەن .

بەڵێ پێغەمبەری خودا (صلی الله علیه وسلم ) كە فەرمانی كرد بەهاوەڵەكانی لەكاتی خوا حافیزیدا كۆتاجار طەوافی ماڵەكەی بكەن، بەم شێوەیە لەكاتی ماڵئاوایدا

ئەوانیش دڵ و دەروون ناخیان پڕ ئەبوو لە بەگەورەگرتنی پەروەردگار وماڵە پیرۆزەکەی وشەوق وخۆشەویستیان زیاتری ئەکرد ..

گومانی تێدا نیە لەپاش تەواکردن وبەجێهێنانی مەناسیکەکانی حەج حاجیان بیری ماڵ ومنداڵ و خزم و نیشتمانی خۆیان ئەکەنەوە، بەڵام بەجێهێنانی ئەو خاکە پیرۆز وقیبلەی چەندان ساڵەیش لەسەر دڵ ودەروون زۆر قورس و کاریگەرە، چونکە کێ دەزانێت ئایا بۆی هەیە جارێکی تر خوای گەورە بیکاتەوە بە نصیبت وگلێنەی چاوەکانت پێیان شاد ببێتەوە، بۆیە دەبینین لەکاتی ماڵئاواییدا گشت حاجیان بەکوڵ دەگرین و لەپەروەردگاریان دەپاڕێنەوە ...

پێم بڵێ ئایا کاتێك کە سەرگەرمی ماڵئاوایت و خواحافیزی دەکەیت و ڕۆژانێکی زۆرە سەرگەرمی طاعەت و عیبادەت بوویت لە مەشاعیری موقەدەسە لە عەرەفات و مینا و موزدەلیفەو بەیت، بەڵێنی ئەوەت داوە کە گەڕایتەوە بۆ وولات و شار و جێگای خۆت بەردەوام بیت لەسەریان و پشتگوێیان نەخەیت وپابەند بیت بە جەماعەتی نوێژەکانت لەمزگەوت، ئایا بەڵێنت داوە تەوبەکەت تا سەربێت ونەگەڕێیتەوە سەر تاوانەکانت؟ چونکە حەسەن بەصری ( ڕەحمەتی خوای لی بێت ) فەرموویەتی : " الحج المبرور هو ان يرجع صاحبه زاهدا فى الدنيا راغبا فى الآخرة " واتە : حەجی وەرگیراو لای پەروەردگار ئەوەیە کە خاوەنەکەی گەڕایەوە خۆشەویستی دونیا لەدڵی دەربکات وقیامەت و دوا ڕۆژی لاخۆشەویستر بێت .

**حاجی خۆشەویست** : بەردەوامبە لەسەر طاعەت و عیبادەت چونکە هەر ئەوە مایەی سەرکەوتن و سەرفرازی دواڕۆژت، لەم بارەیەشەوە پێغەمبەری خودا (صلى الله عليه وسلم ) لەوەڵامی پرسیارێك کە لیێ کرا " أى العمل أحب إلى الله؟ قال : أدومه وإن قل " {رواه مسلم} واتە : ئایا خۆشەویسترین کار لای پەروەردگار چیە، ئەویش لەوەڵامدا فەرمووی : ئەو کارەیە کە بەردەوام بێت ئەگەر چی کەمیش بێت .

**برای بەڕێزم** : لەو کەسانە نەبیت کە بیری طاعەت وخواپەرستیان نیە لە چەند وەرزێکی دیاریکراودا نەبێت، وەك مانگی ڕەمەزان و وەرزی حەجکردن، چونکە پرسیار کرا لە عائیشەی دایکی باوەڕداران : " يا أم المؤمنين كيف كان عمل رسول الله ( صلى الله عليه وسلم ) هل كان يخص شيئا من الأيام ؟ قالت : لا كان عمله ديمة وأيكم يستطيع ما كان رسول الله ( صلى الله عليه وسلم ) يستطيع ؟ " {رواه البخارى} واتە : ئەی دایکی باوەڕداران کاروکردەوەی پێغەمبەری خودا (صلى الله عليه وسلم ) چۆن

بووە، ئایا هیچ ڕۆژێكی تایبەت ئەكرد بەخوا پەرستی؟ ئەویش لەوەڵامدا فەرمووی : نەخێر كاروكردەوەی ئەو بەردەوام بوو، بۆ كێ ئەتوانێت لە ئێوە وەك پێغەمبەری خودا (صلى الله عليه وسلم ) بكات ؟

**برای بەڕێزم** : پێویستە هەموان صەبر وخۆڕاگریمان هەبێت لەسەر طاعەت وخوا پەرستی چونكە بەراستی بەردەوام بوون لەسەریان خۆڕاگری و دامەزراوی وئیستقامەی ئەوێت، هەروەك چۆن گوناهـ وتاوانیش پێویستی بە صەبر و خۆڕاگری هەیە، خۆڕاگر بێت لەبەردەم فێڵ و تەڵەكەی شەیتانەكانی ئینس و جیندا .

زۆرێك لەخەڵكی صەبر وخۆڕاگریان هەیە لە بەیانی تا ئێوارە بگرە تادرەنگانیكی شەویش لە دوكان وپێشانگاكەی دا ئەنیشیت بەدیار دونیاوە، یان چەند كاتژمێرێك پێش دەست پێكردنی یارییەك ئامادەی یاریگاكە ئەبێت، یان لەكاتی دیاری كراوی خۆیدا ئامادەی موتابعەی زنجیرە دارامایەك ئەبێت، یان و یان و یان ..... كەچی كاتێ نوێژەكەی دێت كە خۆشەویسترین كارێكە كە ئەنجامی بدات لەكاتی خۆی و بەكۆمەڵ لەمزگەوت، یان گوێی پێ نادات وەك ئەوەی ئەو بانگەی ئەدرێت لەگەڵ ئەوەی نەبێت، یان لەكاتی خۆی دوای ئەخات، یان ئەگەر كردیشی بەشێوەیەك ئەنجامی ئەدات كە هەر لەكۆڵی خۆی ئەكاتەوە، نوێژێك ناكات كە كاریگەری هەبێت لەسەر ژیانی و بیگێڕێتەوە لە خراپە وخراپەكاری و گزی و فێڵ و تەڵەكە لەموسڵمانان .

**جا برای بەڕێزم** : ئامان با من وئێوەش هەوڵبدەین كە لەو كەسانە نەبین، ئەگەر لەوانەیش بووین بەڵێن بدەین خۆڕاگری بین لەسەر طاعەت و عیبادەت چونكە بەخوای گەورە سوێند بێت لە دواڕۆژدا تەنها ئەوەمان بۆ دەمێنێتەوە و دەگاتە فریامان، لە ناو گۆڕ و لە ڕۆژێكدا كە ماڵ و سامان و دارایی كوڕ وكاڵ هیچ سوودێكی ناگەیەنن بە خاوەنەكەی ئەوە نەبێت كە كردوویەتی لە كاروكردەوەی چاكە، وەك خوای گەورە فەرموویەتی : ( يَوْمَ لَا يَنْفَعُ مَالٌ وَلَا بَنُونَ (٨٨) إِلَّا مَنْ أَتَى اللَّهَ بِقَلْبٍ سَلِيمٍ ) {الشعراء :٨٨-٨٩} .

**برای حاجی خۆشەویستم :** دەروون و نەفسی مرۆڤ بە سروشتی خۆی حەز وئارەزووی ئیسراحەت و پاڵدانەوە و تەمەڵی هەیە، جا ئاگاداری ئەوەبە تۆ بەڵێنی ئەوەت داوە كە بەندەی ڕاستی پەروەردگارت بیت، تەمەڵی و تەوەزەلی زەفەرت پێ نەبات و لەخشتەت نەبات، بۆیە حەسەنی بەصری لەم بارەیەوە ووتەیەكی جوانی هەیە ئەڵێت : " إذا نظر إليك الشيطان فرآك مداوماً في طاعة الله فبغاك وبغاك، فرآك مداوماً

ملَّك ورفضك، وإذا كنت مرةً هكذا ومرة هكذا، طمع فيك " واته : شەیتان كاتێك سەیری كردیت و بینی كە لەسەر طاعەتی خوای گەورە بەردەوامیت، چەند جارێك هەوڵ ئەدات كە وازت پێ بهێنیت، جا كاتێك ماندوو بوو لەهەوڵ دانی ئیتر بێ تاقەت ئەبێت و واز دەهێنیت، بەڵام كاتی بینی هەندێك جار بەردەوام نیت و هەندێگ جاریش بەردەوامیت ئەوكاتە طەماعت تێ دەكات و ئەیەوێت هەرچۆنی كردوە وازت پێ بهێنیت لە خواپەرستی و بەردەوام بوون لەسەری .

جا دەرمان وچارەسەری تەمەڵیش كە ڕزگارت بێت لەتەمەڵی و بەردەوام بیت لەسەر طاعەت و عیبادەت و خواپەرستی ئەوەیە كە هەمیشە بیر لەمردن بكەیتەوە، و بزانیت كە تەنها شتێك دەگاتە فریات لەناو گۆڕ و ڕزگارت دەكات لە تاریكی و ناڕەحەتی و ناخۆشیەكانی تەنها و تەنها طاعەت و گوێڕایەڵی و لەخواترسانە، هەر ئەوەش وات لێ دەكات كە هیمەت و شەوقت بۆ عیبادەت زیاد دەكات وچوست وچالاكت بكات وتەمەڵیت لەبیر بباتەوە ..

**برای بەڕێزی حاجیم** : هەوڵ بدە هەمیشە دەست پێشخەری بكە لەكاری خێر و چاكە خوازیدا، هەرگیز مەڵێ پاشتر ئەیكەم یان دواتر دەگەڕێمەوە سەری و ئێستا كاتم نیە، ئەوەتانێ ئومامەی بوجادی سولەمی ئامۆژگاری هۆزەكەی ئەكات و ئەڵێت : " ئەی هۆز و قەومەكەم ئاگادرتان ئەكەمەوە لەخراپەی ئەو ووتەیەی كە بڵێن : پاشان فلان كاری خێر ئەكەم، یان دواتر نوێژەكەم ئەكەم، یان ڕۆژوو ئەگرم ...

لەبیرت بێت قۆڵی چاكەخوازی و طاعەت وعیبادەتی لێهەڵماڵە وەك ئەو ڕۆژانەی كە لەحەج بوویت، بیرت بێت كە هەمیشە لە ناو حەرەم نوێژەكانت ئەكرد، و هەوڵت ئەدات كاتژمێرێك زیاتر یان كەمتر پێش نوێژەكان لەناو حەرەم ئامادە ئەبوویت، یان بیر بێت كە ماندووت نە ئەناسی لە ڕۆژانی عەرەفە و مینا و موزدەلیفە، ئێستاش پەشیمان نەبیت لەوەی كردووتە، و ئەو ڕۆژانە بكە بە سەرمەشقی خۆت وبزانە خوا هەر یەك خوایە و لەهەركوێ بیت، داوای عیبادەتەكانی لێكردوویت كە بەجوانترین شێوە و لەكاتی خۆیاندا ئەنجامیان بدەیت، پەروەردگاریش فەرموویەتی : (وَالَّذِينَ جَاهَدُوا فِينَا لَنَهْدِيَنَّهُمْ سُبُلَنَا وَإِنَّ اللَّهَ لَمَعَ الْمُحْسِنِينَ ) { العنكبوت: ٦٩} واتە : ئەوانەش لە پێناوی ئێمەداو بۆ بەدەستهێنانی ڕەزامەندی ئێمە؛ هەوڵ و كۆششیان كردووە و خۆیان ماندوو كردووە، سوێند بەخوا بەڕاستی ئەوانە ڕێنموویی دەكەین بۆ هەموو ڕێگەیەكی چاك و دروستی

خۆمان (كە بەدەستهێنانی ڕەزامەندی ئێمەی لەدوایە)، بێگومان خوای پەروەردگار هەمیشە لەگەڵ جاكەكارانە.

ئەوەشت لەبیر نەچێت هەمیشە دوعا ونزا بكە كە خوای گەورە یارمەتیت بدات و موەفقت بكات لەسەر بەردەوام بوون لە خواپەرستی و گەردن كەچی پەروەردگار، ئوم سەلەمەی دایكی باوەڕدارانیش ڕیوایەتی كردووە كە زۆرتین دوعا ونزای پێغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) ئەم نزایە بووە كە دەیەفەرموو : " يا مقلب القلوب ثبت قلبي على دينك " ئەی ئەو كەسەی كە دڵەكان بەدەست تۆیە ودەیانگۆڕیت دڵ ودەروونم دامەزراو بكە لەسەر دینەكەت .

جا ئەگەر ئەمە زۆرترین دوعا ونزای كەسێك بوو بێت كە خوای گەورە لە گوناهـی پێش و دواترشی خۆش بوو بێت، ئەبێت ئێمەی بەندەی گوناهباری چی بكەین!! چۆن هەمیشە نەپاڕێینەوە لێی كە دامەزراومان بكات لەسەر دینەكەی، بەتایبەتی لە ڕۆژگارێكی وەك ئەمڕۆدا كە دونیا پڕی بووە لەفەساد وخراپە وخراپە كاری، خوای گەورە پەناما بدات و بمانپارێزیت لەشەڕی شەیتان و شوێنكەوتوانی ....

یەكێكی تر لە ئامۆژگاریەمانم بۆ خۆم و ئێوەش ئەوەیە هەر گیز بەچاوی غرور و لەخۆباییەوە لەخۆمان نەڕوانین وەك ئەو كەسانەی كە خێروچاكەیەكی كەم ئەكەن و وا دائەنێن كە هیچیان نەهێڵاوە، و و بگرە هەندێك جاریش هێندە لەخۆباین خەریكە خوا پەنا بدات مننەت بەسەر خوادا بكەن، نازانن كە هەمیشە خوای گەورە مننەت ئەكات بەسەر بەندەكانیداكە هیدایەتی داوون بۆ سەر ئەم ڕێبازە پاكە كە ئیسلامە، وەك فەرموویەتی : (يَمُنُّونَ عَلَيْكَ أَنْ أَسْلَمُوا قُلْ لَا تَمُنُّوا عَلَيَّ إِسْلَامَكُمْ بَلِ اللَّهُ يَمُنُّ عَلَيْكُمْ أَنْ هَدَاكُمْ لِلْإِيمَانِ إِنْ كُنْتُمْ صَادِقِينَ ) {الحجرات:١٧} واتە : ئەوانە منەت دەكەن بەسەر تۆدا ئەی محمد كە گوایە موسڵمان بوون، پێیان بڵێ : منەت مەكەن بەسەرمدا لەسەر موسڵمان بوونەكەتان، بەڵكو خوا منەت دەكات بەسەر ئێوەدا كەهیدایەتی داون بۆ ئیمان و باوەڕ ئەگەر ئێوە ڕاستگۆن .

بۆیە پێویستە هەمیشە بەو چاوەوە سەیری خۆمان بكەین كە كەمتەرخەمین بەرامبەر باوەڕ و ئاینەكەمان، چونكە ئەو كاتە نابینە جیگای تەماحی شەیتان و شوێنكەوانی ولەخشتەمان بەرن ..

**بۆیە لە كۆتاییدا** : جارێكی تر ئەیڵێمەوە با هەوڵ بدەین بەندەی ڕاست و دروستی خوای گەورە بین، بەندەی دوا ڕۆژ و بەدەستهێنانی ڕەزامەندی پەروەردگار

وخۆشیەکانی بەهەشت بین، ئەو بەهەشتەی ئەوەی چاو نەیبینیوە، وئەوەشی گوێ نەیبیستوە و دڵیش نەهاتوە بە خەیاڵیدا لەناز ونیعمەت و خۆشی تێیدایە، نەوەك خوانەخواستە هەر ئەوەنەمانزانی سەرمان هەڵتەقی بەناو گۆڕدا و مەجالی هیچ شتێکمان نەما، داخ و حەسرەت هەڵکێشان نەبێت ...

ئەوەی کە ووتم هەندێك ڕازی دڵ بوو حەزم کرد بەبیر خۆم وئێوەی بەڕێزیشی بهێنمەوە، لەخوای گەورە داواکارم ثەبات و ئیستقامە و بەردەوامی بە هەموو لایەکمان ببەخشێت و سەبەرز و سەرفرازی دونیا و دواڕۆژیشمان بکات.....( ئامین یارب العالمین).

والسلام علیکم ورحمە اللە وبرکاتە